# مێژووی درۆ

بەختیار محەمەد

**((ئەگەر هەموو گەنجینەیەکت تاقی کردەوە، ڕاستگۆیی باشترینیانە)) (١)**

**((ئایا نازانی، کە درۆی ڕاستەقینە... بۆ خواوەندان و بۆ خەڵکیش وەکوو یەک قێزەونە؟)) (٢)**

کەس نازانێ کەی مرۆڤ فێرە درۆکردن بووە؟ ئایا درۆکردن دیاردەیەکی شارستانییە؟ ئایا پێویستییەکی مرۆییە و بەرهەمی بەرژەوەندی و ناکۆکی و ملانێکانە؟ ئایا سەرەتا درۆ لە نێوان کێ و کێ- دا دەستی پێ کردووە و پەیدا بووە؟ لە چ شوێنێکی ئەم جیهانە و لە چ کات و ساتەوەختێکی مێژووییدا درۆ کراوە و سەری هەڵداوە؟ ئایا درۆ هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە مرۆ بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدا و لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارێک بووە بۆ تاوان وماڵوێرانی؟ ئایا مرۆڤ (مرۆڤایەتی) دەتوانێ بەبێ درۆ بژی؟ ئەگەر دەتوانێ بۆ ناتوانێ درۆ نەکا و بۆ واز لە درۆ ناهێنێ؟ ئایا درۆکردن بە پلەی یەکەم پێوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە؟ ئەی ئایین چۆن دەڕوانێتە درۆ؟ بۆ بە ڕەهایی ڕەتی دەکاتەوە؟ ئەی هەڵوێستی فەلسەفە لە ئاست درۆدا چییە؟ ئایا فەلسەفەیەکی ڕاستەقینە هەیە، کە چەمکی درۆ ڕەت نەکاتەوە و بە کارێکی خراپ و قێزەونی نەزانێ؟ ئایا هەر کۆمەڵگە نییە، کە درۆ بەرهەم دەهێنێ و هەر ئەویش نییە، کە دەتوانێ لەناوی ببا؟ ئایا درۆیەکان جیاوازن؟ واتە جیاوازن لە

ئاستی کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ژیانی ئەوی دیکە و ژیانی کۆمەڵگە؟ واتە ئاستی خراپی درۆی سیاسی وەک درۆی کەسیی و کۆمەڵایەتییە؟ ئایا هەرگیز درۆی ئابووری و بازرگانی بە درۆی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی بەراورد دەکرێ؟. ئایا کە دەسەڵات (سیاسەتمەدار) درۆ دەکا، وەکوو ئەوەیە، کە دراوسێ و هاوڕێکەت درۆت لەگەڵدا بکەن؟ ئایا کە زۆرجار درۆ ئامراز و هۆکاری تاوانە، ئامراز و هۆکارێکی بەرگریش نییە: بەرگری کردن لە خۆ؟ بەڵام مەترسی ڕاستەقینەی درۆ لە چ بوار و لە چ ئاستێکدایە؟ لە بوار و ئاستی سیاسی؟ یانیش لە بوار و ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی؟ ئایا کە دەسەڵات و دەسەڵاتدار درۆ دەکەن، هەرگیز وەکوو ئەوەیە، کە بێ دەسەڵات و نادەسەڵاتدار درۆ دەکەن؟ هیوادارم لەم وتارەمدا بتوانم بە پێی توانایی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە و هەندێک بە تێروتەسەلی لەم چەمکە (دیاردەیە) بڕوانین و بدوێین.

پێدەچێ بەر لە هەر شتێک درۆ (وەک زۆر دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی) بەرهەمی پەرەستاندنی ژیار بێ، واتە درۆ یەکێکە لە بەرهەمە نەرێنییەکانی پەرەستاندنی ژیار. پێشدەچێ پرەنسیپی (سەرەتای) درۆ، بەرەژەوەندی بێ؛ جا ئەم بەرژەوەندییە چ بەرژەوەندی تاکەکەسی بێ، یان بەرژەوەندی کۆمەڵەکی و کۆمەڵایەتی بێ. پێدەچێ هەموو ئەوانەش پێوەندییان بە دەسەڵاتی (بەرژەوەندی) جیاوازی چینایەتییەوە هەبێ: بەرژەوەندی جیاوازی چینەکان، بەهای درۆی بەرژەوەندی چینەکان بەرهەم دەهێنێ، واتە هەردەم لە پشت درۆکردنەوە جۆرێک لە دەسەڵات هەیە: دەسەڵاتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت تاکەکەسیش، واتە درۆکردن پێوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە: ترس لە دەسەڵات، هەر دەسەڵاتێک بێ؛ بەڵام گەورەترین ترسی درۆ لە حەقیقەتە، حەقیقەتی کەشفکردنی خۆی، بۆیە زۆرجار درۆ، یان دەسەڵات، یانیش تاکتیک و فرتوفێڵ دژ بە حەقیقەتی ئاشکرابوونی خۆی بەکار دەهێنێ. لە ژیاری ئێمەدا درۆ هەر تەنیا دیاردەیەکی قێزەونی زیانبەخش نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی ژیاریی سوودبەخشیشە. مادام ستەم هەیە، دەشێ درۆی سوودبەخشیش هەبێ. مادام ترس (ترساندن) هەیە، دەشێ درۆی سوودبەخشیش هەبێ: درۆی فریاکەوتن (ئەگەر بشێ ئەم ناوەی لێ بنێین). ئەم جۆرە درۆیە پلاتۆ (ئەفلاتوون) پێی دەڵێ: ((درۆی گۆکراو- ملفوظ)). بەم شێوەیەش وەسفی دەکا: ((درۆی گۆکراو هیچ نییە جگە لە لاساییکردنەوە و وێنەیەکی کاڵی بارێکی دەروونی بەر لە درۆکە، نەک درۆیەکی تەواو...)).(٣) هەڵبەت درۆ هەر پرسێکی (کێشەیەکی) ئەخلاقیی نییە، بەڵکوو پرسێکی (گرفتێکی) گەورەی فرەڕەهەندی مرۆڤی سەردەمە. ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، ناتوانێ بەبی درۆ بژی: درۆ خەسڵەت و میکانیزمێکی بنچینەیی ژیانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەدارییە. بەرچاوترین درۆی ڕۆژانە، کە لەم کۆمەڵگەیەدا دەیبینین، ڕیکلامەکانن بۆ شمەک و کاڵاکان: لەمەوە بەدەردەکەوێ، کە چۆن بەرژەوەندی، درۆ بەرهەم دەهێنێ: درۆی پێویست و زەرووری. ئەم درۆیە درۆیەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو درۆیەکی ئابوورییە؛ بەڵام ئایا هیچ درۆیەک هەیە، کە لە پرسی ئەخلاق بەدوور بێ؟ ڕاستییەکەی درۆ دۆڕاندنی ئەخلاقە، واتە کەی ئەخلاق نەما، ئەو کاتە درۆ دەست پێ دەکا.

ئەو کاتەی ئەخلاق وێران دەکرێ، ئیدی پرۆسەی درۆکردن بە سیستماتیک لە کۆمەڵگەدا و لە ژیانی تاکدا دەست پێ دەکا. ئەوەی کە ئەم کارەش دەکا- بە پلەی یەکەم- دەسەڵاتە. هیچ هێزێک هێندەی دەسەڵات پێویستی بەتێکشکاندنی ئەخلاق و پێویستی بە وەزیفەی درۆکردن نییە. ئەو وەزیفەیەی، کە دەسەڵات

هەمیشە شـەرعیەتی پـێ دەدا.

ڕاستییەکەی هەموو دەسەڵاتێکی ستەمکاری ناشەرعی، شەرعیەت بە درۆکردن و پرۆسەی درۆکردن دەدا. دەسەڵاتی ستەمکار ئەگەر درۆ نەکا، ناتوانێ هەبێ. درۆ ئۆکسجینی کۆئەندامی هەناسەی هەموو دەسەڵاتێکی ستەمکارە، تەنانەت کەسێکی وەک ماکیاڤیللی پێی وایە، کە ((سەرکەوتنی ئەسکەندەری شەشەم بۆ درۆیە سەرسووڕهێنەکانی دەگەڕێتەوە)).(٤) ئەفلاتوونیش بەم شێوەیە ڕەوایەتی بەدرۆی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران دەدا و تەنیا بە ئیمتیاز و بە مافێکی ڕەوای ئەوانی دەزانێ و دەڵێ: ((ئەگەر درۆ بۆ کەسێک بشێ، ئەوە تەنیا بۆ فەرمانڕەوایان دەشێ، ئەویش بۆ فریودانی دوژمن و بۆ باوەڕپێهێنانی خەڵکی بۆ چاکەی دەوڵەت، ئەگەرنا بۆ هیچ کەسێک ڕێگە پێدراو نییە، کە لەم ئیمتیازەدا بەشدار بێ، بەڵکوو ئێمە وای دادەنێین، کە درۆکردنی خەڵک بۆ زەرەری دەوڵەت یەکسانە بە درۆکردنی نەخۆش لەگەڵ پزیشکەکەی و شاگرد لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی لە باری تەندروستییەکەی و درۆی کەشتییەوان لەگەڵ کاپتنەکەی لەمەڕ ڕەوشی کەشتییەکە و دەریاوانەکانی...)).(٥) هەروەها دەشڵێ: ((کە فەرمانڕەوایان ناچارن زۆر پەنا بۆ درۆکردن و چەواشەکردن ببەن لە پێناو سوودی پێڕەوانیان. ئێمە پێشتر گوتمان، کە ئەم جۆرە درۆیە بە کەڵکە بەو سیفەتەی کە دەرمانە.)).(٦)

درۆ زۆربەی جار- لەسەر ئاستی تاکدا- ڕەهەندێکی چینایەتی کۆمەڵایەتیشی هەیە: هەستکردن بە کێماسی دەشێ درۆ (کەسایەتییەکی درۆزن) بەرهەم بهێنێ. لێرە درۆ ئامرازی قەرەبووکردنەوەیە: قەرەبووکردنەوەی کێماسییەکانی ژیانی تاک؛ تاکێک، کە لە ئاست تاکەکانی دیکەدا خۆی بە کەمتر دەزانێ. ئەم حاڵەتە هەم ڕەهەندێکی چینایەتی، هەم ڕەهەندێکی خودی و زاتیی هەیە.

دەشێ بڵێین تاک لێرە کەسێکی درۆزن نییە، بەڵکوو وەهمدارە، واتە وەهمی چیرۆکی گۆڕینی واقیعی هەیە. ئەو بە درۆ خۆی دەکاتە کەسێکی پاڵەوان، بە تایبەتی ئەمە لە ئاست نموونەی کەسەکانی دەسەڵات ڕوو دەدا، واتە کەسی درۆزنی وەهمدار، بە داتاشینی چیرۆکی درۆ خۆی دەکاتە هاوبەشی کەسە بەرپرسەکانی دەسەڵات. ئەو لە چیرۆکێکی خەیاڵیدا، کە خۆی دایتاشیوە، دەبێتە ئەندامێکی پێگەی بنەماڵەی دەسەڵاتەکان، ئیدی ئەم دەسەڵاتە سیاسی بێ، یان کۆمەڵایەتی، یانیش ئابووری، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، کە ئەم کەسە لە ئازاری واقیعی کەمسەری ڕزگاری ببێ، بۆیەش چێژ لە هەموو وەهم و هەموو درۆکردنێک وەردەگرێ.

هیچ شتێک هێندەی دەسەڵات (بەتایبەتی لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا) مرۆڤ شەیدای خۆی ناکا. لەمەشەوە دەسەڵات کەسی درۆزن و ماستاوچی بەرهەم دەهێنێ؛ ئەو کەسانەی کە هیچ پێگەیەکیان نییە، بۆیە دەیانەوێ لە ڕێی درۆ و مەراییکردنەوە، پێگەیەک لەناو دەزگاکانی دەسەڵاتدا بۆ خۆیان بەدەست بهێنن. ئەم پێگەیە زۆربەی جار پێگەیەکی پاشکۆییە، واتە پێگەیەکە پاشکۆیی و کۆیلەیی بۆ دەسەڵات بەرهەمی دەهێنێ. سەرلەبەری پاسەوانەکان- لە هەر ئاستێکدا بن- ئەم پێگەیەیان هەیە: پێگەی پاشکۆیەتی بۆ دەسەڵات.

دەبێ بزانین، هەندێ جار درۆ، درۆ بەرهەم دەهێنێ. بە نموونە دەڵێم: من هەرچەند ڕاستگۆ بوویم لە ژیانی خۆمدا، بەڵام کە درۆم کردبێ، ئەوە- زۆربەی جار- لە ترساندا درۆم کردووە: ترس لە دایک و باوک، لە مامۆستاکەم، لە پۆلیس و ئاسایش، لە هەموو دەسەڵاتێک، کە ویستوویانە هەڕەشەم لێ بکەن. من بەم شێوەیە درۆزن بوویمە: واتە بە شێوە ئەرێنی و خۆپارێزییەکەی (هەرچەند بەمە ناگوترێ

دڕۆزن، کە سیفەتی هەمیشەیی نەبێ).

بەڵێ زۆر جار ترس لە کۆمەڵگەی داخراودا درۆمان پێ دەکا؛ بۆیە درۆ هەندێ جار پێویستە و ڕێی نەجاتە (ڕزگاربوونە). ئەم درۆیە سوودبەخشە، زەرەرمەند نییە. درۆیەکە دەشێ ژیانی کەسێک لە مەترسی ڕاستەقینە ڕزگار بکا (یان لە هەڵوێستێکی زۆر ناخۆشی شەرمەزارانە). کێ لە ئێمە هەیە جارێک لە جاران درۆی سپی نەکردبێ؟ ئەو درۆیەی هیچ زەرەرێکی نییە و دەشێ سوودی هەبێ.

ئێمە هەندێ جار بە ناچاری درۆ لەگەڵ منداڵەکانیشمان دەکەین؛ هەڵبەت درۆی سپی، تا لە فلانە شت ڕازییان بکەین و واز لە گریان و لاساری و داخوازییە ناماقووڵە زۆرەکانیان بهێنن. بە نموونە پێی دەڵێین ئەو شتەی تۆ لە هی برایەکەت، یان لە هی خوشکەکەت جوانتر و باشترە (خۆ ئەگەر واش نەبێ)، تا واز لە داواکارییە لاسارەکەی بێنێ و نەڵێ منیش وەک ئەوان و هی ئەوانم دەوێ؛ بەڵام نابێ درۆکردن لەگەڵ منداڵدا لەم سنوورە (سپییە) تێپەڕێنێ، ئەگەرنا مەترسیدار دەبێ و دەبێتە درۆی ڕەش (ترسناک). درۆی ڕەش لەناو گەورەکاندا هەیە، نابێ لەگەڵ منداڵ بەکار بهێنرێ. بە نموونە سادەترین درۆی ڕەش ئەوەیە، کە بە درۆ بەڵێنیان پێ بدەین ئەو شتەیان بۆ دەکەین، پاشان نەشیکەین، ئەمەش نەک هەر جارێک و دووجار بەڵکوو چەندان جار دووبارە ببێتەوە و ببێتە دیاردە لای دایکان و باوکان و پەروەردەکارانیان.

لەنێوان درۆی ڕەش و درۆی سپیدا سنوورێکی ئەخلاقی هەیە: هەموو درۆیەکی ڕەش لە بەدڕەوشتییەوە سەر هەڵ دەدا و بەرهەمی هەرەسی ئەخلاقە: ئەخلاقی تاک و ئەخلاقی کۆ؛ کەچی لە درۆی سپیدا هێزی ئەخلاق بەرجەستە دەبێ: ئەخلاقی یارمەتیدانی خود و ئەوی دیکە. ڕاستییەکەی مادام دەسەڵاتی ستەمکار و دەسەڵاتی چینایەتی هەیە، ئەوە درۆش بە هەردوو دیوە ڕەش و سپییەکەی (ئەرێنی و نەرێنییەکەی) لە ژیانی تاک و لە ژیانی کۆمەڵگەدا دەبێ. ئایا درۆی خۆڕسکانە هەیە؟ واتە ئایا هیچ مرۆڤێک هەیە، کە هەر بەخۆڕسک کەسێکی درۆزن بێ؟ ئێمە دەزانین منداڵ تا کەمێک گەورە نەبێ و لەگەڵ دەوروبەرەکەی تێکەڵاو نەبێ و کارلێک نەکا، ناشزانێ درۆ بکا (واتە درۆ لێرە بەرهەمی پەرەستاندنی عەقڵیشە). لەمەوە پێناچێ مرۆڤ بە خۆڕسک بوونەوەرێکی درۆکردە بێ، واتە درۆ بەرهەمی پەرەستاندنی ڕەهەندەکانی ژیارە. بە نموونە: مرۆڤ فێربووە درۆ بکا، تا باشتر بەرژەوەندی خۆی- لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە- بپارێزێ. فێربووە درۆ بکا، تا لەناو خێڵ و هۆز و گەلەکەیدا خۆی بکاتە دەسەڵاتدار. کێ هێندەی دیکتاتۆرەکان درۆزنە (ئەوان داهێنەری میدیای درۆزنن)؟ ئێمە درۆ دەکەین، تا فێڵ لەوی دیکە بکەین، واتە زیانی پێ بگەیەنین (هەڵبەت درۆی گەورە و ڕەش).

هەر درۆیەک زەرەرمان پێ بگەیەنێ، ئەوە درۆیەکی گەورە و ڕەشە، واتە درۆیەکی ترسناکە. درۆی ترسناک ئەوەیە، کە حەقیقەت لەناو ببا، واتە ڕاستی شتەکان لەناو ببا. بەنموونە بۆ شاردنەوەی تاوانێک درۆ دەکرێ، تا ڕاستی کردنی تاوانەکە لەناو ببردرێ. ئەم جۆرە درۆکردنە دەسەڵات دەتوانێ بیکا، واتە دەسەڵات لەڕێی درۆوە ڕاستیی تاوانەکانی خۆی دەشارێتەوە. ئەو ئەگەر خەڵکیش بڕوا بە درۆکانی نەکەن، بەڵام ئەو لەڕێی هێزەوە وەک ڕاستیی درۆکانی خۆی دەسەپێنێ. هەرکەسێکیش ئەم درۆیە ئاشکرا بکا، ئەوە دەشێ ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە. لەمەوە ڕاستگۆیی و دەستگرتن بە ڕاستییەوە شتێکی دژوار و مەترسیدارە.

ڕاستیی گوتن دژی درۆکردنە، دژێکی ڕەها؛

بەڵام هەندێ جار درۆ لەپێناو ڕاستیدا دەکرێ. ئەم درۆیە درۆی سپی و درۆی تاکتیکییە، واتە درۆ لێرە دەتوانێ وەک پەرژینێک ڕاستیی (حەقیقەت) بپارێزێ. ئەم جۆرە درۆیە ڕاستییە، بەڵام بە توێکڵی درۆ، واتە ڕاستییەکە، کە لە بەرگی درۆدا خۆی دەردەخا.

ئێمە ئەم جۆرە درۆیە هەمیشە لەنێوان جەلـلاد و قوربانیدا بەدی دەکەین. جەلـلاد دەیەوێ بە ئەشکەنجەدان دانپێدانان (ڕاستییەکان) بەدەست بهێنێ، بەڵام قوربانی هەوڵ دەدا ئەم ڕاستییانە وەک نهێنی لەلای خۆی بپارێزێ، تا تاوانبار نەکرێ؛ چونکە جەلـلاد هەوڵ دەدا لەڕێگەی دانپێدانانەوە (بەدەستهێنانی ڕاستییەوە) ڕاستییەکان بکوژێ، تەنانەت جەلـلاد هەوڵ دەدا درۆش بە کەسی قوربانی بکا، تا لەم ڕێگەیەوە ڕاستییەک- ئەگەر بە درۆش بێ- بەدەست بهێنێ و بیکوژێ و لەناوی ببا. ڕاستییەکەی وەزیفەی جەلـلاد ئەوەیە، کە ڕاوەدووی حەقیقەت بنێ، ئەو حەقیقەتەی، کە جەلـلاد لێی دەترسێ و دژی جەلـلادە. هەموو دەسەڵاتێکی ستەمکار فۆبیای لە ڕاستی هەیە، هەر بۆیەشە دەسەڵاتی ستەمکار بە هەموو شێوەیەک ڕەخنە قەدەغە دەکا، چونکە ڕەخنە جەوهەری ڕاستییە.

ڕەخنە ڕاستی دروست دەکا و ئاشکرای دەکا، نەک بە پێچەوانەوە؛ ئەگەر ڕەخنە نەبێ، ئەستەمە ڕاستییش هەبێ. تا ئێستا، هەموو جیهانی پێشکەوتوو، ڕەخنە پەیدای کردووە و بەرهەمی هێناوە، هەر لەبەر ئەوەشە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ڕەخنە نییە؛ جنێو و جەنگ هەن، بەڵام ڕەخنە وەک فەلسەفە و فیکری فەلسەفی نییە؛ تەنانەت ڕەخنە لە ئاستە هەرە سادە و سەرەتایە کۆمەڵایەتییەکەشی نییە، بۆیە لەم کۆمەڵگانەدا عەقڵ (ڕەخنە و فیکر) بێ دەسەڵاتە و سۆز (دابونەریت و دەمارگیریی و ئایین) باڵادەستە. لێرەوە، کە ڕەخنە نەبوو، درۆ زۆر دەبێ: درۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ... تاد. تۆ بنۆڕە! چۆن ڕێژەی درۆ لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا یەکجار زۆرە لەچاو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی وەک سوید و دانمارک...؛ چونکە لەوێدا مێژووی فیکری ڕەخنە، ئازادی دروست کردووە، بەڵام لای خۆمان وا نییە: لای خۆمان چونکە ڕەخنە (بە واتا فەلسەفی و سیاسی و فیکرییەکەی) نییە، ئازادیش (بە واتا کۆمەڵایەتی و دەزگایی و یاساییەکەی) نییە، واتە ڕاستییش (وەک کولتوور، وەک ئەخلاقی باو، وەک جەوهەر و میکانیزمی کاری دەزگاکان و وەک ویژدان و ئەخلاقی کەسەکان) نییە. لێرەوە ڕاستی لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا وەک پراکتیک دیاردەیەکی فرەلایەنی پەسەندکراو نییە، کەچی درۆ بە پراکتیک دیاردەیەکی هەمەلایەنی پەسەندکراوە: ئێمە بە قسە دژی درۆین، بەڵام بە کردار و لە واقیعدا وا نین. زەردەشتیش دەڵێ: ((باشترین چاکە ڕاستییە و بەدترین تاوان درۆیە)) (٧)

**پەراوێزەکان:**

١- ول ديورانت، قصة الحضارة (النهضة / الاصلاح الديني)، ترجمة: محمد بدران، د. عبدالحميد يونس، المجلد الحادي عشر (٢١ / ٢٢)، ٢٠٠١، ص ٩٤.

٢- افلاطون، الجمهورية، ترجمة: عيسى الحسن (الطبعة الاولى، ٢٠٠٣)، ص ١٣٩.

٣- هەمان ژێدەر، ل ١٤٠.

٤- ول ديورانت، قصة الحضارة (النهضة / الاصلاح الديني)، ترجمة: محمد بدران، د. عبدالحميد يونس، المجلد الحادي عشر (٢١ / ٢٢)، ٢٠٠١، ص ٦٩.

٥- افلاطون، الجمهورية، ترجمة: عيسى الحسن (الطبعة الاولى، ٢٠٠٣)، ص ١٤٨.

٦- هەمان ژێدەر، ل ٢٤٦.

٧- اکرم بهرامی، پەیامی زەردەشت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: وریا قانیع (لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٣)، ل ٧٣.